# سەربەخۆیی کامیان: هاوڵاتی کوردی یا کوردستان؟

"بۆ هەمو ئەوانەی باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن"

**جەمال پیرە- مەدرید**

مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایک نەبووە تا ببێتە قوربانی دروشمی زەبەلاح و بێمانا، بۆ ئەوەش نەخوڵقاوە تاهەتایە خەون بە سەربەخۆیی زەوی و شارو مەملەکەتی نیشتەجێبوونییەوە ببینێ و خۆیشی سەربەخۆ نەبێ و بواری ئازادبوونی خودیی پێنەدرابێ.

ئەم رستەیەی سەرەوە نە قسەی نێو کتێب و فەیلەسوفانە نە وڕێنەیەکە لەخۆمەوە و بێ بنەما دەریببڕم و بیخەمە سەر پەڕەی کاغەز بەڵکو سەد دەرسەد ئاماژەیەکی کورتە بۆ تەمەنێکی درێژی قوربانیدانی گەلێکی بێ چارەی وەک کورد کە ساڵەهایە خۆی لە نێو بازنەیەکی ونبووی ژیانەوە دەبینێتەوە، بازنەی ونبوونی شوناس، ئازادییەکان، ونبوونی خودو پێرسنالێتی هاوڵاتی کوردی.

لەوەتەی باس لە گۆڕانە گەورەو چارەنوسسازەکانی دنیا دەکرێ، لەوەتەی دنیاو ئاراستەی بیرکردنەوەکانی خەریکە خۆی لە بۆتەی گۆڕانێکی رادیکالیانەوە دەبینێتەوە، واتاکانی ناسیۆنالیستیبوون و قوربانی، رەنگ و روخسارێکی تریان بەخۆوە بینیوە بەوەی کە چیدی لە پەنای دروشم و چەمکی هەست ورووژێنەری هاوشێوەی دەوڵەت و مافی نەتەوەییەوە مافە ئیندیڤیدوالییەکان نەخرێنە ژێر پێ، وەک ئەوەی کە حاڵی حازر ئەم باسە لای خەڵکی کوردستان وەک مەسەلەیەکی زیندوو لێیەوە دەڕوانرێت.

سەدان ساڵ ئەزموونی نەهامەتی و وابەستەبوونی ئایدۆلۆژیی، سەدان ساڵی چەوسانەوەی جۆراوجۆری کەسێتی کوردی، بەسە بۆ ئەوەی لێرەوە سیناریۆکانی چەوسانەوەو بەدیلکردنەوەی مرۆڤی کورد دووبارە نەبنەوە، ئەوەی کە لەم خاڵەدا گرنگە لەسەری بوەستین تێکشکاندنی سەرجەم ئەو چەمک و دروشمانەیە کە لە پەنای بێدەنگکردن و خەساندنی ئینسانی کوردەوەو لە ژێر چەتری بزواندنی سۆزوعاتیفەی نەتەوەییەوە فرێدەدرێن.

بۆ ئەوە لە دایکنەبووین تا ماوین دیلی قەدەری بێ نیشتیمانی بین و لە پەناشیەوە سادەترین ماناکانی مرۆڤبوونمان دەستەبەر نەبێ، بۆ ئەوەش نەخوڵقاوین تا هەتایە کوردبوون بکرێ بە وەسیلەیەک بۆ نەکرانەوە و چەقبەستنی دنیابینیمان، لەولاشەوە چەندان دیاردەی ئیفلیجی سیاسیی و ئیداری لەسەر دەستی هەڕەشەکەرو داردەستەکانی خوازیارانی سەربەخۆی کوردستانەوە ئەنجام بدرێت.

ئیدی دەمانەوێ ئەولەوییەت بە مرۆڤبوونمان بدرێت بەر لەوەی هیچ داوایەکی تری شەهیدبوون و قوربانی نەتەوەییمان پێبسپێردرێت، نامانەوێ بێ هەڵکردنی ئاڵای ئازادییە فەردییەکانمان ئاڵای نیشتیمان و خاک و نەتەوەی پەرتبوومان بەدەستەوە بێ. ئەگەر کەسێکیش پێیوایە لەمەدا مەبەستم هەڵگەڕانەوەیە لە کوردبوون و نەتەوەیبوون ئەوا با یەخەی خۆی دادڕێ لەوەی کە من تەنها مەبەستی سەرەکیم لەم رایەدا دانەوەی واتایەکی راستەقینەیە بە دەروازەکانی کوردبوون و نەتەوەیبوون، چون بە ئەزموون بۆمان سەلمێنراوە کە بێ سەربەخۆبوونی فەردی مرۆڤی کورد سەرجەم دروشم و سلۆگانە نەتەوەییەکان بێ بنەما دەرچوون و خەونی بێمانا بوون.

تەنها مەبەست و دوا تەوەری ئەم وروژاندنەشم نیشاندانی ئاگاییە بۆ هەموو ئەو رستە زەبەلاحە بێ ناوەرۆکانەی کە رۆژانە بێ رەچاوکردنی حیساباتی سیاسیی فرێدەدرێن، هاوکات ئەوەشم مەبەستە بیڵێم کە ئێستا خۆشبەختانە نەوەی نوێی کورد لەوە وشیارترە خۆی تەسلیم بە قەدەری

نیشتیمان بکات، ئەو نیشتیمانەی کە زۆربەمان نازانین حکومەتەکەی بۆچی لە کرانەوەی هاوڵاتیانی دەترسێ؟!

ئیدی نەوەی نوێ بڕیاری داوە کە بەدوای ئازادییە فەردییەکانییەوە بگەڕێ و شەق لە گوتارە باوە بێ دەرەنجامەکان بدات. نەوەیەکە دەڵێ بە چ کەڵک دێ وڵات ئازاد بکرێت و ئینسانەکانی نا؟! چ کارەساتێکە مرۆڤ لە وابەستەییدا گیر بخوات؟! بۆ ئەوەی دەروازە راستەقینەکانی گۆڕانیش بدۆزینەوە دەبێ ئازادی نیشتیمان بکەینە سێرەی مەبەستی ئازادییە مرۆییەکان؟! تەنها ئەم دوو پرسیارە کە چاوەڕێی وەڵامیان لێناکرێ هۆکارێکن بۆ رەواندنەوەی خەمە سەرمەدییەکانی نەوەی نوێ.

**2007/4/26**